# حوكمی كڕین وفرشتن لەگەڵ كەسانی ناموسڵماندا

< كوردي >

دەستەی بەشی كوردی ماڵپەڕی ئیسلام هاوس

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

# حكم البيع والشراء مع غير المسلمين

< كردي >

## فريق القسم الكردي بموقع إسلام هاوس

مراجعة: بشتيوان صابر عەزيز

# حوکمی کڕین وفرشتن لەگەڵ کەسانی ناموسڵماندا

**پرسیار :** من کەسێکم و خاوەنی مارکێتێکم لەیەکێك لە بازاڕەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق، هەندێك کەسانێك دێن شتمان لێ دەکڕن کە ناموسڵمانن، گومانمان هەیە کە ئەو پارەیەی کە شتی پێ دەکڕن حەرام بێت، ئایا دروستە بۆ ئێمە شتیان پێ بفرۆشین ؟ خوای گەورە پاداشتی خێرتان بداتەوە .

**وەڵام :** سوپاس وستایش بۆ خوای گەورە ومیهرەبان ودروود وصەڵات وسەلام لەسەر پێشەوای مرۆڤایەتی محمدی پێغەمبەری ئیسلام و ئال وبەیت و هاوەڵ وشوێنکەوتوانی هەتا هەتایە .

کڕین وفرۆشتنی ئێوە لەگەڵ ئەو جۆرە کەسانەدا صەحیح و دروستە و هیچ ئیشکالی تێدا نیە و گوناهبار نابن، چونکە واجب نیە لەسەر کەسی فرۆشیار بڕوات بپرسێت و پرسیار بکات لە سەرچاوەی ئەو ماڵ ودراییەی کە موشتەریەکەی بەدەستی هێناوە و لێی بکۆڵێتەوە، چونکە هەموو کەسێك ماڵ ودارایی خۆی هەیە، ئەصڵ وایە ئەو پارەیەی کە بەدەستیەوەیە و لەژێر ڕکیفی ئەودایە هی خۆیەتی و ئەو خاوەنیەتی، تا ئەو کاتەی کە بەڵگەیەك پەیدا دەبێت و پێچەوانەی ئەوە دەسەلمێنێت، جا ئەو کاتە کە بەڵگەیەك بەردەست کەوت بەدیاری کراوی ئەو ماڵ و داراییە هی خۆی نیە، یان لە لەڕیگایەکی ناشەرعیەوە پەیدای کردووە، وەك ئەوەی بە دڵنیایی بزانیت ئەو پارەیەی کە پێیەتی ماڵی کەسێکی ترەو و دزیویەتی، یان داگیری کردووە، ئیتر لەم کاتەدا کە گومانت نامێنێت لە حەرامی ئەو پارەیە دەڵێین دروست نیە مامەڵەی لەگەڵدا بکەیت و کەلوپەلی پی بفرۆشیت ..

ئەوەش بزانە مرۆڤ ئەگەر هەندێك پارەی لە ڕێگای حەرامەوە بەدەستهێنا، لە ڕووی شەرعەوە ڕێگری لەکەسانی تر ناکرێت کە مامەڵە و کڕین وفرۆشتنی لەگەڵ بکەن، چونکە بەڵگەی زۆرمان هەیە کە موسڵمانانی شاری مەدینە کڕین وفرۆشتنیان لەگەڵ جولەکەکانی ئەو شارە کردووە، لەگەڵ ئەوەشدا هەموو دەزانین کە جولەکە مامەڵەیان بە سوو و ڕیباوە دەکرد .

بەڵگەش بۆ ئەم مەسئەلەیە ئەوەیە كە لە صەحیحی بوخاری وموسلمدا هاتووە : عن عائشة، قالت
:اشترى رسول الله صلى الله عليه وسلم من يهودي طعاما بنسيئة، فأعطاه درعا له رهنا .

واتا : عائیشەی دایكی باوەڕداران ( خوای لێ ڕازی بێت ) دەگێڕێتەوە و دەڵێت : پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) خواردنی لە جولەكەیەك كڕی بە قەرز، - لەبەر ئەوەی پارەی پێ نەدا – ناچار بوو زرێیەكی جەنگی وەك بارمتە لا دانا .

ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی دروستە كەسی موسڵمان كڕین و فرۆشتن لەگەڵ كەسی نا موسڵماندا بكات .

ابن ڕەجەبی حەنبەلی دەڵێت : " **وكان النبي صلى الله عليه وسلم وأصحابه يعاملون المشركين وأهل الكتاب مع علمهم بأنهم لا يجتنبون الحرام كله** " [ جامع العلوم والحكم لاپەڕە 179 ] .

**واتا :** پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) و هاوەڵە بەڕێزەكانی لەگەڵ موشركین و ئەهلی كیتابدا مامەڵە وكڕین وفرۆشتیان كردووە، لەگەڵ ئەوەشدا دەیانزانی كە بە تەواوی لە حەرام دوور ناكەونەوە .

شێخ الاسلام ابن تیمیەش دەڵێت : " **فجميع الأموال التي بأيدي المسلمين واليهود والنّصارى التي لا يُعلم بدلالة ولا أمارة أنّها مغصوبة أو مقبوضة قبضا لا يجوز معه معاملة القابض ، فإنّه يجوز معاملتهم فيها بلا ريب ، ولا تنازع في ذلك بين الأئمّة أعلمه** " [ مجموع الفتاوى ( 29 / 327 ) ] .

واتا : هەموو ئەو ماڵ و سامانەی كە بەدەستی موسڵمانان و جولەكە و گاورەكانەوەیە، كە بەڵگەیەك نیە یان بە نیشانەیەك نازانرێت كە ماڵ وسامانێكی داگیركراوە، یان بە شێوەیەك بەدەست هاتووە كە دروست نەبێت مامەڵەی لەگەڵ ئەو كەسە بكەیت بەدەستیەوەیە، ئەوا بێگومان دروستە مامەڵەیان لەگەڵدا بكەیت، وە لەم مەسئەلەیەشدا ئەوەی ئێمە بزانین  هیچ جیاوازی و ناكۆكیەك نیە لە نێوان تەواوی زانایان و پێشەوایانی ئیسلامدا.

مەبەست پێی ئەوەیە ئەصل وایە مامەڵە كردن لەگەڵ جولەكە و گاور و كەسانی ناموسڵماندا دروستە، تا ئەو كاتەی كە بەڵگەیەك یان نیشانەیەكی ڕاست وردوست دەست دەكەوێت ئەو ماڵ

وسامانەی کە بەدەستیانەوەیە ماڵ و سامانێکی حەرامە، لەو کاتەدا دروست نیە مامەڵەیان لەگەڵدا بکەیت، وەك ئەوەی بزانیت ئەو پارەیەی کە ئەو کەلوپەلەی لای تۆ پێ دەکرێت پارە و ماڵی دزیە، بێگومان لەم کاتەدا ئەگەر کەسی کڕیار موسڵمانیش بێت هەر دروست نیە مامەڵەکەی لەگەڵدا بکەیت ..

خوای گەورەش زاناترە ...